# دەسەڵاتی کوردی = ستەم، گەندەڵی، تلیاك...

حەسەن جودی
hesen_cudi@yahoo.com

دوای بڵاوبونەوەی هەواڵی تێوەگلانی چەند گۆرانیبێژێك لەسلێمانی لەکاری تلیاکخۆری، ئیدی تلیاکیش وەك سەرباس و رۆژەڤێکی دیکە هاتن ریزی باسوخواسی رۆژەڤەکانی وەك: گەندەڵی، سەرکوتکردنی رێپێوانە جەماوەریەکان و دادگاییکردنی رۆژنامەوانان و نووسەران و دەرکەوتنی دۆسیەو فایلی فایلچییەکان و تراژیدیای خۆسوتاندن و دەستدرێژییەکانی سەر ژنان و بێبەریکردنیان لەشازی حکومەتی دونیا کە چل و دوو وەزیری رەبەقی هەیەو تەنیا سێ ژنی تێدایە و دزی و پاوانکردن و چاکسازی و پاکسازی و خزم خزمێنەو واسیتەو ....هتد. ئیدی تادێت بەرهەم و ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی دەسەڵاتی پازدە ساڵەی دوو زلحزبەکەش دەبنە سەرباس و رۆژەڤی نێو شەقامی کوردی و رۆژنامەو گۆڤارو سایتەکان و دەزگاکانی دیکەی راگەیاندن، بەڵام هەردوو زلحزبەکەش مکورِن لەسەرئەوەی ئەو باسوخواسانە "دەستی دەرەوەی لەپشتەو بەو رِادەیە نییە کەباسی لێوەدەکرێ و دەسکەوتی زۆر مەزنمان بەدەستهێناوەو.....هتد". ئیدی ئاش لەخەیاڵێك ئاشەوان لەخەیاڵێکی دیکە...

ئەگەر ستەم گەندەڵی دەئافرێنێ، ئەوا مسۆگەر گەندەڵیش ستەمی گەورەتری لێدەکەوێتەوە، بەهەردووکیشیان کۆمەڵگا بەرەو هەڵدێرێکی مەترسیدار دەبن، کە تلیاکفرۆشی و لەشفرۆشی و قەڵەمفرۆشی و ویژدانفرۆشی ئاماژەن بۆ ئەو هەڵدێرانەی کە ئاکامەکەی نازانرێ چییە؟. ئەگەرنا هونەرمەندان چۆن لەپەیامی جوانی و خۆشەویستی و ژیاندۆستییەوە بەرەو بازرگانی تلیاك و زۆر شتی لەتلیاك ترسناك تر دەچن؟! تۆ بڵێی بەرپرس و لێپرسراوەکانی ئەم نیشتمانە ئاگاداری ئەو لێشاوەی بازرگانی تلیاك و لەشفرۆشییە نەبن کەوا رووی لەم کۆمەڵگایە کردووە؟! ئەی بۆ پانزە ساڵە کەرِوکاسیان کردووین بەوەی "ئاسایشی هەرێم بەرقەرارەو شازی ئەزموونی دیوکراتیە؟!." کەچی هەر لەم سێ ساڵەی دواییدا چەندین گروپ و باندی هاوشێوەی باندەکەی شێخ زانا ئاشکرا دەبن، ئەمە لەکاتێکدا دوای چەندین ساڵ لەکارو تاواتی زل زلیان کەناکرێ هەروا بەئاسانی لەیادەوەری کۆمەڵگایەکی داخراوی تازە چاوکراوەی وەك کۆمەڵگای کوردی بسرِێتەوە...

دەسەڵاتێك نەتوانێ لەماوەی پازدە ساڵدا ئاراستەیەکی ژیاندۆستانە بەتاك و کۆمەڵگا ببەخشێ، مسۆگەر ئەو تاك و کۆمەڵگایە ئاراستەیەکی مەرگدۆستانە، وەك کاردانەوەك دەبێتە بژاریان. ئەمە لەکاتێکدا هەر کەس و رەوت و بزاڤێك نارِەزایی دەربرِێ و رەخنە لەم دۆخە مەرگدۆستییە بکات دەسەڵات بەدوژمنی سەر سەختی خۆی دەبینێ و بەلۆژیکی " ئەگەر نەتوانم تاك و کۆمەڵگا بەئاقاری ژیاندۆستی ئاراستەگیر بکەم، ئەوا ناهێڵم هیچ کەس و لایەنێکیش ببێتە ئاراستەکاریان" هەڵسوکەت بکات، دەبێ چاوەرِوانی چ تراژیدیای لەوەی ئێستا مەزنتر بکەین؟! ناسك ئەحمەدی نووسەرو چالاکڤان لەوتارێکیدا لەهەفتەنامەی "ئاوێنە"دا ئاماژەی بەخۆسووتاندن و خۆکوشتنی زیاتر لە سی و سێ هەزار ژن دەکات لەو پازدە ساڵەی دوای راپەرِین. ئەی ئەگەر ئەمە تراژیدیا نەبێت چییە؟ هەڵبەتە تائێستا ناشزانرێ ژمارەی تێوەگلاوانی پەتای تلیاکفرۆشی و تلیاکخۆری لەتەواوی باشووری کوردستان چەندە، بەڵام مسۆگەر ئەگەر ئامار بکرێ ژمارەیەکی سەرسورِهێنەر دەردەچێ، هەروەها نازانرێ ئاماری منداڵانی نەخوێندەوارو ئەوانەی ناچاری کارو کاسبی دەکرێن یان توندوتیژیان لەهەمبەردا بەکاردەهێنرێ چەندە، خۆ ئەگەر ئاماربکرێت ئەویش تراژدیایەکی دیکەیە.... خۆ دۆخی پیرو پەککەوتەکانی نیشتمان هەرمەپرسە... هەروەها کەس ئامارو زانیاری تەواوی لەبەردەستدا نییە کە سروشت و ژینگەی ئەم وڵاتە دووچاری چ پیسبوون و وێرانی و شێواوییەك هاتووە. ئیدی ئەو مەرگەساتانە زۆر لەمەرگەساتی بێ ئاوی و بێ کارەبایی و بێ سوتەمەنی زیاتر و کوشندەترن...

بێگومان ئەو مەرگەساتانە لەکۆمەڵگا پێشکەوتوو و کراوەکانیشدا وەك "دیاردە" لەئارادان، بەڵام خۆ ئێمە لە ئەفریقیا نین تا ئەو دیاردانە بگەنە ئاستی مەرگەسات و تراژیدیای بەشێوەیەی کە ئێستا لەئارادان!!.

پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە وەك رەخنەدانێکی پراکتیکی هەردوو حزبە دەسەڵاتدارەکە دان بەچەوتی و هەڵەبوونی ئەقڵییەت و لۆژیك و شێوازی دەسەڵاتداری پازدەساڵەی خۆیان بنێن و ئەگەر کەمێکیش بێت بابەتیانە ئەو ئاراستە مەرگدۆستییە ببینن کەخودی

دەسەڵاتەکەیان هۆکارێکی سەرەکی ئەو ئاراستەگیربوونەی تاك و کۆمەڵگان. ئەگەرنا تادێت تراژیدیاکان مەزنترو مەزنتر دەبن، پەتای مەرگدۆستیش ژیان دەکاتە دۆزەخێکی ئەبەدی....